## پشتیوانی دەنگەکان لە (نامە کراوەکەی مستەفای حەسەنە گەورە)

پاش 15 ساڵ لە ڕزگار بوونی بەشێکی کوردستان و 3 ساڵ لە روخانی حکومەتی بەعس ، کەچی هێشتا پیاو کوژو فایلدارە کوردەکانی بەعس نەک هەر ڕانەکێشرانە پای دادگا ، کەچی ئازادانە دەسورێنەوەو زۆرێکیشیان خاوەنی دەسەلاتن .
ئێمە وەک دەنگەکان بڕوای تەواومان هەیە بەوەی ئەو کەسانەی دوێنێ داردەستی ڕژێمی بەعس بوون و دەستیان سوورە بە خوێنی خەڵکی کوردستان ، دەبێ ڕابکێشرێنە پای دادگاو بە ئاشکرا دادگایی بکرێن لەسەر تاوانێک کە ئەنجامیان داوە.
هەر بۆیە پشتیوانی تەواومان بۆ نامە کراوەکەی (مستەفای حەسەنە گەورە)[1] ڕادەگەیەنین ،کە هەوڵێکە بۆ بە دادگا گەیاندنی( هەباسی بایز باڵواغا) کە تاوانبار کراوە بە کوشتنی دەیان کەس لە پێشمەرگەو خەڵکی سیڤیل لە ناوچەی پشدەر . ئێمە لە داهاتوویەکی نزیکدا ناوی بەشێک لە قوربانیەکان بلاو دەکەینەوە .

دەستەی بەرێوەبەری دەنگەکان
2006–10–10

---

[1] http://www.dengekan.com/doc/2006/10/misto4.pdf